# وەکو ئیشکەرێکی بیانی لە فینلەندا

بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی ٥|٢٠٢١



Kurdi

Tyosuojelu.fi
Website of the Occupational Safety and Health Administration in Finland

## ناوەڕۆك

مافی کارکردنی ئیشکەری بیانی و هەڵگرتنی زانیاریەکان ................................3
ڕوونکردنەوەی مەرجە سەرەکیەکانی کارکردن ..............................................5
کاتی کارکردن و ڕاگرتنی تۆماری کاتی کارکردن...............................................6
کاتەکانی پشوودان .......................................................................................7
کارە زیادەکان .............................................................................................8
مووچەو ئەژمارەکانی مووچە ............................................................................9
ئەو زیادە و قەرەبووانەی کە مووچە بەرزدەکەنەوە .................................. 10
پشووی ساڵانە.......................................................................................... 12
مووچەو قەرەبووی پشووی ساڵانە........................................................... 13
خزمەتی تەندروستیی پیشەیی و تەئمینکردنی ڕووداوی کارەسات .................. 14
کارتی ناسینەوە و ژمارەی باج ................................................................... 15
کۆتاییهێنان بە پەیوەندیی کار .................................................................... 16
شتە گشتیەکان ......................................................................................... 17
زانیاریی زیاتر............................................................................................ 19

وەکو ئیشکەرێکی بیانی لە فینلەندا
لایەنی بڵاوکەرەوە: بەڕێوەبەرایەتیی سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی ٢٠٢١
وێنەی بەرگ: شوتتەرستۆك Shutterstock

Publications of the OSH Administration in Finland 5kur/2021
ISBN: 978-952-479-321-6 (stapled)
ISBN: 978-952-479-322-3 (pdf)
ISSN: 2737-0879 (online publication)

# مافی کارکردنی ئیشکەری بیانی و هەڵگرتنی زانیاریەکان

## هاووڵاتیانی یەکێتیی ئەوروپا* و تۆمارکردنی مافەکانی مانەوە

ئەگەر تۆ هاووڵاتیی یەکێتیی ئەوروپایت، دەتوانیت بەبێ مۆڵەتی تایبەت لە فینلەندا کار بکەیت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەگەر بۆ ماوەی زیاتر لە سێ مانگ لە فینلەندا بمێنیتەوە، دەبێت لە فەرمانگەی کۆچ مافی مانەوەت تۆمار بکەیت. ئەوەی کە جیاوا بێت هاووڵاتیانی وڵاتانی باکووری ئەوروپایە، کە تۆمارکردنیان لە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریە دیجیتاڵیەکان و تۆماری دانیشتواندا دەکرێت.

*هەروەها هاووڵاتیانی ئیسلاند و لیکتینشتاین و نەرویج و سویسراش دەگرێتەوە.

## هاووڵاتیانی دەرەوەی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا

ئەگەر هاووڵاتیی فینلەندا یان وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا نیت، پێویستیت بەو جۆرە مۆڵەتی مانەوەیە دەبێت کە مافی کارکردن بدات، تەنها لە چەند حاڵەتێکی جیاوازدا نەبێت. بۆ نموونە لە کاری دەستیی ئابووریی کشتوکاڵیدا بە بڕوانامەی کاری وەرزی یان بە ڤیزای کاری وەرزی بۆ ماوەی ئەوپەڕی ٩٠ ڕۆژ دەرفەتی کارکردن هەیە.

ئەگەر مۆڵەتی مانەوە (ئیقامە)ت هەیە، لە مۆڵەتەکەتدا مافی کارکردن نووسراوە.
کارتی کێڵا و کارتی شۆفێری یان بڕوانامەیA1 ئەو بەڵگەنامانە نین کە مافی کارکردن بدەن.

بۆی هەیە مۆڵەتی مانەوەکەت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مافی کارکردن لەخۆ بگرێت (بۆ نموونە، مۆڵەتی مانەوەی هەمیشەیی یان مۆڵەتی مانەوە لەسەر بنەمای گرێبەندی خێزانی). دەکرێت مۆڵەتی مانەوەکەت تایبەت بە کارپێدەرێك یان بۆ بوارێکی کارکردن درابێت، کە لەو کاتەدا دەتوانیت تەنها لە خزمەتی ئەو کارپێدەرە کار بکەیت کە ناوی نووسراوە یان لەو بواری کارکردنەی کە لە مۆڵەتەکەدا ئاماژەی پێ کراوە.

بە مۆڵەتی مانەوەی خوێندکار مافی کارکردنت سنووردارە لە کاتی وەرزەکانی خوێندندا.

## داواکارانی مافی پەنابەری

ئەگەر تۆ داواکاری مافی پەنابەریت و بەڵگەنامەی گەشتکردنی فەرمی (پاسەپۆرت)ت هەیە، دەتوانیت لە فینلەندا لەسەر بنەمای داوای مافی پەنابەری کار بکەیت، ئەوەش دوای ئەوەی کە ماوەی سێ مانگ بەسەر پێشکەشکردنی داواکەت دەڕوات.
ئەگەر بەبێ بەڵگەنامەی گەشتکردنی فەرمی هاتوویت، مافی کارکردنت کاتێك
دەست پێ دەکات کە شەش مانگ
بەسەر کاتی پێشکەشکردنی داوای پەنابەریەکەت دەڕوات.

زانیاری زیاتر لەبارەی مافی کارکردن و کۆتاییهاتنی مافی کارکردن بەگشتی لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ (Migri) دەست دەکەوێت www.migri.fi.

## بەرپرسیارێتیەکانی کارپێدەر

کارپێدەر بەرپرسیارێتیی ئەوەی لە ئەستۆدایە کە لە بەڵگەنامەی گەشتکردنی فەرمییەکەدا یان لە کارتی مۆڵەتی مانەوەکەدا دڵنیایی لەوە بکات کە ئەو ئیشکەرە بیانیە مۆڵەتی مانەوەی کەسێکی ئیشکەری هەیە یان پێویستی بەو جۆرە مۆڵەتە نیە.
هەروەها پێویستە لەسەر کارپێدەر ئەو زانیاریانەی کە تایبەتن بە مافی کارکردنی ئیشکەری بیانیەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ لەدوای کۆتاییهاتنی پەیوەندیی کارەکە هەڵبگرێت.
لەبەر ئەوە کارپێدەر بەرپرسیارێتیی ئەوەی لە ئەستۆدایە کە داوات لێ بکات مۆڵەتی مانەوەکەتی پێشان بدەیت و کۆپیی لێ وەربگرێت.

# ڕوونکردنەوەی مەرجە سەرەکیەکانی کارکردن

## ڕێککەوتننامەی کار

دەتوانیت ڕێککەوتننامەی کار یان بە نووسراو یانیش بە زارەکی بکەیت. لە ڕووی کردەوەییەوە هەمیشە ئەوە ژیرانەیە کە ڕێککەوتننامەی کار بە نووسراو گرێ بدرێت لەپێناو زامنکردنی مافی یاسایی هەردوو لایەنەکە و بۆ خۆپاراستن لە تێگەیشتنی هەڵە. ئەگەر ڕێککەوتنی کارەکەت بە زارەکی گرێداوە، پێویستە لەسەر کارپێدەرەکە ئەوپەڕی هەتاکو کۆتاییهاتنی یەکەمین وەرزی مووچەدان ڕوونکردنەوەیەکی نووسراوت پێ بدات لەبارەی مەرجە سەرەکیەکانی کارکردنەکەوە.

لە ڕێککەوتننامەی کاری نووسراودا یان لە ڕوونکردنەوەکەدا دەبێت ئاماژە بەم شتانە بکرێت

- شوێنی ماڵ یان شوێنکاری کارپێدەر و ئیشکەر
- کاتی دەستپێکردنی کارکردنەکە
- ماوەی درێژەکێشانی ڕێککەوتننامەی کاتی و هۆیەکانی کاتیبوونی
- ماوەی درێژەکێشانی کاتی تاقیکردنەوە (ئەگەر لەسەر کاتی تاقیکردنەوە ڕێککەوتن کرابێت)
- شوێنی کارکردن؛ ئەگەر شوێنێکی کارکردنی سەرەکی نیە، ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو بنەمایانەی کە بەگوێرەی ئەوانە ئیشکەرەکە لە شوێنی جیاجیادا کار دەکات.
- ئەرکە سەرەکیەکانی کاری ئیشکەرەکە
- ئەو ڕێککەوتنی مەرجی کارەی کە لە گەڵ کارەکەدا دەگونجێندرێت*
- بنەماکانی دیاریکردنی مووچە و وەرزی مووچەدان
- ئەو کاتی کارکردنەی کە پێڕەو دەکرێت و ئەگەر بە دەسپێشخەریی کارپێدەر لەسەر کاتی کارکردن کە گۆڕانی بەسەر دێت ڕێککەوتن کرابێت (بۆ نموونە لە هەفتەیەکدا ١٠ - ٣٠ کاتژمێر)، پێویستە لەسەر کارپێدەر ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە بدات کە کاتەکانی کارکردن بە کردەوەیی چۆن گۆڕانیان بەسەردا دێت.
- دیاریکردنی پشووی ساڵانە
- کاتی وازهێنان یان وازپێهێنان لە کار یان بنەمای دیاریکردنی کاتەکە.

ڕێککەوتنی مەرجی کار ئەو ڕێککەوتنەیە کە سەندیکاکانی کارپێدەر و ئیشکەر دەیکەن، کە بەپێی ئەوە بۆ نموونە دیاری دەکەن کە لە بواری ڕێکەوتنەکەدا چی جۆرە کاتێکی کارکردن و مووچەیەك هەیە.

# کاتی کارکردن و ڕاگرتنی تۆماری کاتی کارکردن

## کاتی کاری ڕۆژانە و هەفتانە

کاری بەردەوامی ڕێکخراو ئەوپەڕی ٨ کاتژمێرە لە ڕۆژێکدا و لە هەفتەیەکدا ئەوپەڕەی ٤٠ کاتژمێرە. لە هەندێك کاردا (لە بواری چێشتخانە، لە بواری گواستنەوە، لە دامەزراوەکانی خزمەت و چاودێری و هتد.) دەکرێت کاتی کارکردنی بەردەوامی ڕێکخراو لە شێوەی ئەوەی کە پێی دەوترێت کاری خول ڕێك بخرێت. لەو کاتەدا کاری بەردەوامی ڕێکخراو بەپێی یاسای کاتی کار یان ٨٠ کاتژمێر دەبێت لە خولێکی دوو هەفتەییدا یانیش ١٢٠ کاتژمێر دەبێت لە خولێکی سێ هەفتەییدا. کاتی کاری بەردەوامی ڕێکخراو لە بواری چێشتخانەدا ئەوپەڕی ١١٢،٥ کاتژمێرە لە سێ هەفتەدا.

لە ڕێککەوتننامەی مەرجەکانی کاری گونجێندراو لەگەڵ بوارەکەدا وردەکاریی ئەو فەرمانانە بخوێنەوە کە تایبەتن بە کاتی کارکردن.

لەسەر کاتی کارکردن دەکرێت بەشێوازی سەرجەمی ناوەندیش ڕێکەوتن بکرێت، لەو کاتەدا دەکرێت کاتەکانی کاری ڕۆژانە یان هەفتانە گۆڕانیان بەسەردا بێت بەبێ ئەوەی کاری زیادەت بۆ کۆببێتەوە. ئەگەر لە شوێنی کاردا سیستەمی کاتی کاری لەم شێوەیە هەبێت، پێویستە لەسەر کارپێدەر ئیشکەر لەوە ئاگادار بکاتەوە. لەو کاتەدا پێویستە لەسەر کارپێدەر پلانێکی پێشوەخت بۆ یەکسانبوونەوەی کاتەکانی کارکردن دابڕێژێت. دەبێت لە پلانەکەدا ئەوە بنووسرێت کە هەتاکو کەی کاری پێ دەکرێت و کاتەکانی کارکردنی هەفتانەی ئیشکەرەکان چین. پێویستە کاتی کارکردن لە کۆتایی خولی پلان بۆ دانراودا لەگەڵ کاتی کارکردنی ئاساییدا یەکسان بێت، واتە بەشێوەیەکی گشتی ٤٠ کاتژمێر دەرچێت لە هەفتەیەکدا. ئەگەر کاتی کارکردنەکە یەکسان نەبێتەوە، پێویستە تۆ قەرەبووی کاری زیادە وەربگریت.

## ڕاگرتنی تۆماری کاتی کارکردن و مووچەدان

پێویستە لەسەر کارپێدەر تۆمارێك ڕابگرێت بۆ ئەو کاتژمێری کارانە کە ئیشکەر دەیانکات لەگەڵ ئەو مووچانەی کە بۆ ئەو کاتژمێرانە دەدرێن. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە کۆپییەکی تۆماری کاتەکانی کارکردنەکەت لە کارپێدەرەکەت وەربگریت. هەروە چاکتر وایە خۆتیش تۆمارێك ڕابگریت بۆ ئەو کاتژمێری کارانەی کە کردووتە. لەبیرت بێت کاتەکانی دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی نۆرە کارەکانیش بنووسیت.

# کاتەکانی پشوودان

## کاتەکانی پشوودانی ڕۆژانە

لەو ڕۆژی کارانەدا کە زیاتر لە شەش کاتژمێر کار دەکەیت، مافی ئەوەت هەیە کە لایەنی کەم نیو کاتژمێر پشوودانت هەبێت کە مووچەی لێ نادرێت ئەگەر لە کاتی پشوودانەکەدا بۆت هەبێت ئازادانە لە شوێنی کارەکەت بچیتە دەرەوە.

لە ڕێککەوتنەکانی مەرجی کاردا توانراوە ڕێککەوتن لەسەر پشووەکانی قاوەخواردنەوەی ڕۆژانە بکرێت کە بە کاتی کارکردنی مووچەدار دەژمێردرێن.

## پشووی شەو و ڕۆژ

پێویستە لە نێوان کۆتاییهاتنی نۆرەی کار و دەستپێکردنەوەیدا کاتێکی پشوودانی شەو و ڕۆژی هەبێت کە بەشێوەیەکی گشتی ١١ کاتژمێری بێ دابڕانە. کاتی پشوودان دەکرێت لە هەندێك بارودۆخدا کورتتریش بێت.

## پشووی هەفتانە

بەگوێرەی ڕێسای سەرەکی پێویستە لە هەفتەیەکدا پشوویەکی هەفتانەت هەبێت کە ماوەکەی لایەنی کەم ٣٥ کاتژمێری بێ دابڕانە. ئەگەر بتوانرێت، کاتی پشووی هەفتانەکە لەگەڵ ڕۆژی یەکشەمدا جێگیر دەکرێت.

# کارە زیادەکان

بەپێی یاسای کاتی کارکردن، کاری زیادە ئەو کاتی کارکردنەیە کە لە ڕۆژێکدا ٨ کاتژمێر یان لە هەفتەیەکدا ٤٠ کاتژمێر تێدەپەڕێنێت. لە خولی کاری دوو هەفتەییدا کاری زیادە ئەو کارەیە کە ٨٠ کاتژمێر کاری تێپەڕاندووە و لە خولی سێ هەفتییدا ١٢٠ کاتژمێر کاری تێپەڕاندووە. بەڵام لە ڕێککەوتنامەی مەرجی کاردا دەکرێت ڕێککەوتنی جیاواز هەبێت لەسەر کارە زیادەکان. لە ڕێککەوتنامەی مەرجی کاری بوارەکەدا، وردبینی لەو فەرمانانە بکە کە لەگەڵ کاری زیادەی بواری کارەکەی تۆدا گونجێندراون.

## زۆرترین کاتی کارکردن

سەرجەمی کاتی کارکردنی ئیشکەر (کاتی کاری بەردەوامی ڕێکخراو و کۆی گشتیی کارە زیادەکان) نابێت لە ماوەی خولێکی چوار مانگیدا لە هەفتەیەکدا بە سەرجەمی ناوەند ٤٨ کاتژمێر
تێپەڕێنێت. دەتوانرێت لە ڕێککەوتننامەی مەرجی کاردا بەشێوەیەکی تر ڕێکەوتن بۆ ماوەی ئەو خولە بکرێت. پێویستە لەسەر کارپێدەر بەشێوەیەك بەدواداچوون بۆ کاتەکانی ئیشکەرەکان بکات کە بڕی زۆرترین کاتی کارکردن تێنەپەڕێنرێت.

## ڕەزامەندی بۆ کاری زیادە

پێویستە لەسەر کارپێدەر بۆ هەر جارێك بە جیاواز داوای ڕەزامەندیت لێ بکات بۆ کاری زیادە. چونکە لە ڕێککەوتننامەی کاردا ناتوانرێت ڕەزامەندییەکی هەمیشەیی بدرێت بۆ ئەنجامدانی کارە زیادەکان.

# مووچەو ئەژمارەکانی مووچە

## مووچە

لە فینلەندا تۆ هەمیشە مافی ئەوەت هەیە کە بەرامبەر بە کارکردن مووچە وەربگریت. لە فینلەندا ئەگەر لە خوێندنەگەیەکدا نەخوێنیت یان لە تاقیکردنەوەی کاری سەر بە فەرمانگەی کار و کاسبی نەبیت ڕاهێنانی بێ مووچە نیە . لە فینلەندا لە یاسادا بڕی کەمترین مووچەی گشتی دیاری نەکراوە، بەڵکو مووچە بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی مەرجی کاری ئەو بوارەی کە کاری لێ دەکرێت دیاری دەکرێت. ئەگەر لە بوارەکەدا ڕێککەوتننامەی مەرجی کار نەبێت، ئەوساکە دەبێت بەرامبەر بەو کارەی کە دەیکەیت مووچەیەکی ئاسایی و گونجاوت پێ بدرێت.

ئەو مووچانەی کە لە ڕێککەوتننامەی مەرجی کاردا دیاری کراون لەگەڵ ئەرکی کار و مەرجەکانی بەهرەی پیشەیی گۆڕانیان بەسەردا دێت.

بۆ نموونە ساڵی ٢٠٢١

- بڕی کەمترین مووچەی ئیشکەرێکی پاککردنەوە ١١،٠٢ ئیورۆیە لە کاتژمێرێکدا.
- مووچەی دەسپێکی شێفی بواری چێشتخانە ١٠،٣٦ ئیورۆیە لە کاتژمێرێکدا.
- بڕی کەمترین مووچەی ئیشکەرێکی دەسپێکەر لە بواری بیناسازیدا (لە ٢٠٢١/٩/١ بەدواوە) ١١،٠٤ ئیورۆیە لە کاتژمێرێکدا.
- مووچەی کاتژمێری کار لە بواری باخچە و کشتوکاڵدا لایەنی کەم ٨،٨٥ ئیورۆیە لە کاتژمێرێکدا (+ئەوانەی کە پیشەیین لایەنی کەم ٤٪ لایەنی کەم لەو کاتەدا کە سەرجەم ١٠ مانگ لە خزمەتی هەمان کارپێدەر کارت کردبێت).

مووچە بە گشتی لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی ڕێکخراوانە زیادە دێتە سەری. دەتوانیت لە سایتی Finlex لە ڕێککەوتننامەی مەرجی کاردا بۆ هەر بوارێك تەماشای نوێترین بڕە مووچەکان لەم ناونیشانەدا بکەیت: www.finlex.fi/fi/viranomaiset/tyoehto

### مووچەی کاتی نەخۆشی

ئەگەر بەهۆی نەخۆشیەوە یان ڕووداوی کارەساتەوە نەتوانیت کار بکەیت، مافی وەرگرتنی مووچەت هەیە بۆ ماوەی نەخۆشیەکە. مووچەکە لایەنی کەم بۆ ڕۆژی نەخۆشکەوتنەکە و نۆ ڕۆژی نەخۆشکەوتنی دوابەدوای ڕۆژی نەخۆشکەوتنەکە دەدرێت. ئەگەر نەخۆشکەوتیت دەسبەجێ کارپێدەرەکەت ئاگادار بکەرەوە. کارپێدەر دەتوانێت داوای ئەوەت لێ بکات کە بڕوانامەی دوکتۆری پێشان بدەیت بۆ نەخۆشیەکە.

زانیاریی وردتری فەرمانەکانی بڕینەوەی مووچەی کاتی نەخۆشی بۆ هەر بوارێك لە ڕێککەوتننامەکانی مەرجەکانی کارکردندا دەبینرێت.

### ئەژماری مووچە

پێویستە لەسەر کارپێدەر هاوکات لەگەڵ مووچەداندا ئەژماری مووچەت پێ بدات کە تیایدا چەندێتیی مووچەکە و ئەو بنەمایانەی کە لەسەریان دیاری کراوە، بۆ نموونە ژمارەی کاتژمێرەکانی کارە ئەنجامدراوەکان و چەندێتیی مووچەکە هەروەها بە جیاواز قەرەبووی کاری زیادە ئەگەر هەبێت یان قەرەبووەکانی تر بنووسرێت. لەسەر بنەمای ئەژماری مووچە دەبێت تۆ خۆت بتوانیت ئەوە ئەژمار بکەیت کە مووچەکەت بە دروستی دراوە.

## ئەو زیادە و قەرەبووانەی کە مووچە بەرز دەکەنەوە

### زیادەکانی کاری زیادە

بۆ ئەو کارەی کە لە شەو و ڕۆژێکدا لە ٨ کاتژمێر زیاتر دەکرێت (=کاری زیادەی شەو و ڕۆژی) بۆ دوو کاتژمێری یەکەم بە ٥٠٪ زیادەی مووچە پارە دەدرێت و بۆ کاتژمیرەکانی دوای ئەوە بە ١٠٠٪ی زیادەی مووچە.

بۆ کاری زیاتر لە ٤٠ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا (=کاری زیادەی هەفتانە) بۆ ٨ کاتژمێری یەکەم
بە ٥٠٪ زیادەی مووچە پارە دەدرێت و بۆ کاتژمێرەکانی دوای ئەوە بە ١٠٠٪ی زیادەی مووچە. لە کاری زیادەی هەفتانەدا کارە زیادەکانی شەو و ڕۆژ واتە ڕۆژانە ئەژمار ناکرێت.

بۆی هەیە لە ڕێککەوتننامەی مەرجی کاردا بەشێوەیەکی تر ڕێککەوتن کرابێت لەسەر قەرەبووی کاری زیادە. لە ڕێککەوتنامەی مەرجی کاری بوارەکەدا وردبینی لەو فەرمانانە بکە کە لەگەڵ کاری زیادەی بواری کارەکەی تۆدا گونجێندراون.

له هەندێك بواردا کارەکان بە خول دەکرێن لەو جۆرە کارانەدا بەهیچ شێوەیەك کاری زیادەی هەفتانە یان ڕۆژانە ئەژمار ناکرێت، بەڵکو هەموو ئەو کاتژمێری کارانەی کە لە ماوەی خولەکەدا ئەنجام دراون پێکەوە دەژمێردرێن.

بۆ نموونە لە بواری گواستنەوەدا خولی کارەکان لە ماوەی دوو هەفتەدا دەکرێت، لەو کاتەدا بۆ ئەو کارە زیادەیەی کە ٨٠ کاتژمێر تێدەپەڕێنێت بۆ ١٢ کاتژمێرێ یەکەم بە ٥٠٪ زیادەی مووچە پارە دەدرێت و بۆ کاتژمێرەکانی تریش بە ١٠٠٪ زیادەی مووچە. بەڵام لە بواری چێشتخانەدا کار بە خولی سێ هەفتەیی دەکرێت، لەو کاتەدا بۆ ئەو کارە زیادەیەی کە ١٢٠ کاتژمێر تێدەپەڕێنێت بۆ ١٨ کاتژمێری یەکەم بە ٥٠٪ زیادەی مووچە پارە دەدرێت و بۆ کاتژمێرەکانی تریش بە ١٠٠٪ زیادەی مووچە.

## گۆڕینەوەی قەرەبووی کاری زیادە بە کاتی پشوو

دەتوانیت لەگەڵ کارپێدەرەکەتدا ڕێککەوتن بکەیت لەسە گۆڕینەوەی قەرەبووی کاری زیادە بۆ هەر هەموو کارە زیادەکان یان بۆ بەشێکی بە کاتی پشووی مووچەیی هاوشێوە. ئەگەر ڕێککەوتنتان کردبێت لەسەر ئەوەی کە قەرەبووی کارە زیادەکان بە کاتی پشوو بدرێتەوە، دەبێت کاتی پشووەکە بەهەمان شێوەی مووچەی کاری زیادە بدرێت. بۆ نموونە بەرامبەر یەك کاتژمێر کاری زیادە بە ڕێژەی لە سەدا ١٠٠ دوو کاتژمێر کاتی پشوو دەدرێت.

## قەرەبووی ڕۆژی یەکشەممە

بۆ ئەو کارانەی کە ڕۆژانی یەکشەممە یان ڕۆژانی جەژنی کەنیسەیی دەکرێن دەبێت وەکو قەرەبووی یەکشەممە بە ڕێژەی ١٠٠٪ زیادەی مووچە قەرەبوو بکرێتەوە. دەتوانیت لەگەڵ کارپێدەرەکەتدا ڕێککەوتن بکەیت لەسەر گۆڕینەوەی قەرەبووی کاری یەکشەممە بە کاتی پشووی مووچەیی. ئەگەر ڕۆژی یەکشەممە ماوەی یەك کاتژمێر کار بکەیت، بەرامبەر بەوە دوو کاتژمێر کاتی پشوو وەردەگریت. ئەگەر کارەکەی یەکشەممە کاری زیادە بوو، پێویستە بێجگە لەوە قەرەبووی کاری زیادەش وەربگریت. لە ڕێککەوتنامەی مەرجی کاردا دەکرێت بەشێوەیەکی تر ڕیککەوتن لەسەر ئەمە کرابێت.

## زیادەکانی کاری ئێواران و شەوان

لەوانەیە بەپێی ڕێککەوتنامەی مەرجی کار مافی قەرەبووی کاری ئێواران و شەوانیش هەبێت. بڕی پارە زیادەکان و شێوازی ئەژمارکردنیان لە ڕێککەوتنامەکانی هەر بوارێك بە جیاواز ڕوون دەبنەوە. ئەگەر بۆ نموونە لە بواری چێشتخانەدا لە دوای کاتژمێر (١٨) شەشی ئێوارە کار بکەیت، مافی پارەی زیادەی ئێوارانی جیاوازت دەبێت کە بۆ هەر کاتژمێرێکی کاری ئێواران دەدرێت.

# پشووی ساڵانە

## خڕبوونەوەی ڕۆژەکانی پشوو

بەپێی یاسا تۆ مافی پشووی ساڵانەی مووچەدارت هەیە. کاتێك کە لایەنی کەم لە مانگێکدا ١٤ ڕۆژ یان ٣٥ کاتژمێر کار بکەیت، لە ماوەی ساڵی دیاریکردنی پشوودا واتە لە ماوەی نێوان ٤/١ و ٣/٣١دا ڕۆژانی پشووت بۆ خڕدەبێتەوە.

- ئەگەر پەیوەندیی کارەکەت هەتاکو کۆتایی ساڵی دیاریکردنی پشوو بۆ ماوەی کەمتر لە ساڵێك بەبێ دابڕان بەردەوام بووبێت، مافی ئەوەت هەیە کە ٢ ڕۆژ پشوو وەربگریت بۆ هەر مانگێکی تەقویمیی ساڵی دیاریکردنی پشوو.
- ئەگەر پەیوەندیی کارەکەت بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك بەردەوام بووبێت، مافی ئەوەت هەیە کە ٢،٥ ڕۆژ پشوو وەربگریت بۆ هەر مانگێکی تەقویمیی ساڵی دیاریکردنی پشوو.

## وەرگرتنی پشووەکان

پێویستە لەسەر کارپێدەر لە وەرزی پشوودا لە نێوان ٥/٢ - ٩/٣٠ پشووی هاوینت پێ بدات (٢٤ ڕۆژی کارکردن).

پشووی زستان (ئەو بەشەی کە لە ٢٤ ڕۆژی کارکردنەکە بە زیادە ماوەتەوە) لە دوای وەرزی پشوو پێش دەستپێکردنی وەرزی پشووی ساڵی داهاتوو کە دەکەوێتە نێوان ١٠/١ و ٤/٣٠ ەوە دەدرێت.

ئەو ڕۆژانی پشووی ساڵانەیەی کە شایستە بوونە دەبێت وەکو پشوو وەربگیرێن، لە جیاتی ئەو ڕۆژانە پارە نادرێت. پێویستە هەموو ساڵێك لە وەرزی پشوودا ١٨ ڕۆژی پشوو وەربگیرێت. ئەگەر بتەوێت ڕۆژەکانی تری پشووەکانت پاشەکەوت بکەیت و لە کاتێکی تردا وەریان بگریت بۆ نموونە لە ساڵی داهاتوودا، دەبێت لەسەر ئەوە لەگەڵ کارپێدەرەکەتدا ڕێککەوتن بکەیت. ئەمە پێی دەوترێت پشووی پاشەکەوت.

## بەرپرسیارێتیەکانی کارپێدەر

پێویستە لەسەر کارپێدەر تۆماری پشووی ساڵانە ڕابگرێت بۆ پشووەکانی ساڵانە و ڕۆژە پاشەکەوتەکانی ئیشکەر لەگەڵ ئەو مووچە و قەرەبووانەی کە لەسەر بنەمای یاسای پشووی ساڵانە دیاری دەکرێن.

پێویستە لە تۆماری پشووی ساڵانەدا ماوەی درێژەکێشانی پشووەکانی ساڵانە و کاتەکانی هەروەها چەندێتیی مووچەکان و قەرەبووەکان و ئەو بنەمایانەی کە لەسەریان دیاری کراون بنووسرێت. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە کۆپییەکی تۆماری پشووی ساڵانەکەت لە کارپێدەرەکەت وەربگریت.

# مووچەو قەرەبووی پشووی ساڵانە

## ئەوانەی کە مووچەی مانگانە وەردەگرن

ئەوانەی کە مووچەی مانگانە وەردەگرن مافی ئەوەیان هەیە کە لە کاتی پشووی ساڵانەشدا مووچەی ئاسایی خۆیان وەربگرن.

## ئەوانەی کە بە کاتژمێر حیسابی و قۆنتەرات مووچە وەردەگرن

مووچەی پشووی ئەوانەی کە بە کاتژمێر حیسابی و قۆنتەرات مووچە وەردەگرن دەکرێت لە هەر ڕێککەوتنامەیەکی مەرجی کاری جیاوازدا چەندێتیەکی جیاوازی هەبێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە مووچەی پشووی ساڵانە بۆ پەیوەندییەکی کار کە کەمتر لە یەك ساڵی خایاندبێت ٩٪ و بۆ پەیوەندییەکی کار کە زیاتر لە ساڵێکی خایاندبێت ١١،٥٪ ی ئەو مووچەیە بێت کە لە ماوەی ساڵی دیاریکردنی پشوودا دراوە. بۆ نموونە لە بواری بیناسازیدا مووچەی پشوو ١٨،٥٪ یە. ئەمە پارەی پشووش لەخۆ دەگرێت.

## قەرەبووی پشوو

ئەگەر بە شێوەی بەشێك لە کات کار دەکەیت و ڕۆژانی پشووی ساڵانەت بۆ خڕ نابێتەوە یان ئەگەر پەیوەندیی کارەکەت پێش ئەوەی فریای ئەوە بکەویت کە پشووی ساڵانە وەربگریت کۆتایی بێت، مافی ئەوەت هەیە کە قەرەبووی پشوو بە پارە وەربگریت. بڕی ئەو قەرەبووەش ٩٪ یە بۆ پەیوەندییەکی کار کە کەمتر لە ساڵێکی خایاندبێت و ١١،٥٪ بۆ پەیوەندییەکی کار کە زیاتر لە یەك ساڵی خایاندبێت. قەرەبووی پشووی ساڵانە لە کۆتایی پەیوەندیی کارەکەتدا ئەوپەڕی هەتاکو کۆتاییهاتنی وەرزی پشوو دەدرێت.

## پارەی پشوو

لە زۆربەی ڕێککەوتنامەکانی مەرجی کاردا لەسەر پارەی پشووش (پارەی گەڕانەوە لە پشوو) ڕێککەوتن کراوە، کە بەگشتی ٥٠٪ی مووچەی پشووەکەیە. ئەم پارەی پشووە سەرباری مووچەی پشووی ساڵانە دەدرێت.

## بەرپرسیارێتیەکانی کارپێدەر

کارپێدەر لەو کاتەدا کە مووچەی پشوو یان قەرەبووی پشوو دەدات بەرپرسیارتیی ئەوەی لە ئەستۆدایە کە ئەژمارێکت پێ بدات کە چەندێتیی مووچەی پشوو یان قەرەبووی پشووی تیادا نووسرابێت لەگەڵ ئەو بنەمایانەی کە لەسەری دیاریکراوە.

## گرینگە سەرنج بدەیت

هەر ئیشکەریك مافی پشووی ساڵانە و مووچەی کاتی پشووی هەیە

# خزمەتی تەندروستیی پیشەیی و تەئمینکردنی ڕووداوی کارەسات

ئیشکەر لایەنی کەم مافی خزمەتی تەندروستیی پیشەیی خۆپاراستنی یاسایی هەیە.

کارپێدەر ئەگەر بیەوێت دەتوانێت خزمەتەکانی چارەسەری نەخۆشیش بە ڕێککەوتننامەی خزمەتی تەندروستیی پیشەییەوە ببەستێتەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە لە کاتی پێویستدا دەتوانیت بەڕێگای خزمەتی تەندروستیی پیشەییەوە بچیت بۆ لای دوکتۆر. بە ڕێگای خزمەتی تەندروستیی پیشەییەوە دەتوانیت ڕاپۆرتی دوکتۆر وەربگریت ئەگەر لەو کاتەدا نەخۆش بیت.

## بەرپرسیارێتیەکانی کارپێدەر

پێویستە لەسەر کارپێدەر خزمەتی تەندروستیی پیشەیی بۆ هەموو ئیشکەرەکانی ڕێك بخات بەبێ گوێدانە ژمارەی ئیشکەرەکان و ئەرکی کار و چۆنێتیی ڕێککەوتننامەی کار و کاتی کارکردن.

دەبێت ئیشکەرەکان بتوانن نووسراوی ڕێککەوتننامەی خزمەتی تەندروستیی پیشەیی بە نووسراو ببینن. لە ڕێککەوتننامەکەدا ئەوە دەبینیت کە خزمەتی تەندروستیی پیشەیی لە کوێ ڕێکخراوە و دەتوانیت پەیوەندی بە چی لایەنێکەوە بکەیت.

لەو بوارانەدا کە دەبنە هۆی مەترسیی نەخۆشکەوتن بە نەخۆشیەکی تایبەت، پشکنینی تەندروستیی زۆرەملێ هەیە کە پێویستە لەسەر کارپێدەر ئاراستەی ئەو شوێنەت بکات.

## تەئمینی ڕووداوی کارەساتی کار و نەخۆشیی پیشەیی

پێویستە لەسەر کارپێدەر تەئمینی ڕووداوی کارەساتی کار و نەخۆشیی پیشەیی بۆ ئیشکەرەکانی وەربگرێت. تەئمینەکە خەرجیەکان و زیانەکانی لەدەستدانی مووچە قەرەبوو دەکاتەوە کە بەهۆی ڕووداوی کارەساتی کار و نەخۆشیی پیشەییەوە دروست دەبن. پێویستە زانیاریەکانی کۆمپانیای تەئمینەکە لە شوێنی کارەکەدا لەبەر چاوی ئیشکەرەکاندا بێت.

## لەکاتی ڕوودانی کارەساتدا

ئەگەر ڕووداوی کارەساتی کارت بەسەر هات، دەسبەجێ کارپێدەرەکەت یان نزیکترین بەرپرسی کارەکەت ئاگاداربکەرەوە. بڕوانامەیەکی تەئمینی لێ وەردەگریت کە بەپێی ئەوە چارەسەری برینەکانت بە خۆڕایی بۆ دەکرێت، بۆ نموونە لە بنکەی تەندروستی یان لە نەخۆشخانەدا. ئەگەر بڕوانامەی تەئمینەکەت پێ نەبێت، ناچار دەبیت خۆت پارەی چارەسەر و دەرمانەکان بدەیت. لەو کاتەدا ئەو خەرجانەی کە داوتە لەلایەن کۆمپانیای تەئمینەوە بەرامبەر بە پسوولەی پارەدان بۆت قەرەبوو دەکرێتەوە.

# کارتی ناسینەوە و ژمارەی باج

ئەگەر لە شوێنی بیناسازیدا کار دەکەیت، پێویستە لەسەرت کارتی ناسینەوەی وێنەدار کە کارپێدەرەکەت پێتی دەدات بە سینگتەوە بێت و دیار بێت. پێویستە لە کارتی ناسنەوەکەدا ناوی خۆت و ناوی کارپێدەرەکەت نووسرابێت لەگەڵ ژمارەی باجدانەکەت کە لە تۆماری باجی گشتیدا نووسراوە.

ژمارە باجەکە دەکرێت لە بوارەکانی تریشدا بەکاربهێنرێت، وەکو حەوزەکانی کەشتیسازی.

## ژمارەی باج لە کوێ وەردەگیرێت؟

هاوکات لەگەڵ وەرگرتنی کارتی باج ژمارەی باجت وەرگرتووە. ئەگەر کارتی باجدانەکەت ون بووە، دەتوانیت لە فەرمانگەی باج ژمارەکەت وەربگریتەوە.

به گشتی بۆ ئیشکەرە بیانیەکان پێویست دەکات ژمارەی باج لە فەرمانگەی باج وەربگرن.

# کۆتاییهێنان بە پەیوەندیی کار

ئەگەر ڕێککەوتننامەی کاری کاتیت هەیە، ئەوە لەو بەروارەدا کۆتایی دێت کە لە ڕێککەوتننامەی کارەکەدا نووسراوە. ئەو ڕێککەوتننامەی کارانەی کە هەتاکو کاتێکی دیاری نەکراو کاریان پێ دەکرێت دەبێت بە جیاواز داوای کۆتاییهێنانی بۆ بکرێت.

دەکرێت کۆتاییهێنان یان لەلایەن کارپێدەرەکەوە بکرێت یانیش لە لایەن ئیشکەرەکە خۆیەوە. پێویستە لەسەر کارپێدەر هۆی پەسەندکراوی هەبێت بۆ کۆتاییهێنانەکە. لەسەر ئیشکەر پێویست ناکات هیچ هۆیەك بڵێت بۆ کۆتاییهێنانەکەی. بەڵام لەسەر هەر دوو لا پێویستە ماوەی دیاریکراوی کۆتاییهێنان کە لە ڕێککەوتنی کارەکەدا دیاری کراوە پێڕەو بکەن .

ئەگەر لە ڕێککەوتننامەی کارەکەدا ڕێککەوتن کرابێت لەسەر ماوەی تاقیکردنەوە لە سەرەتای دەستپێکردنی پەیوەندیی کارەکەوە و بتەوێت لە ماوەی تاقیکردنەوەکەدا کۆتایی بە پەیوەندیی کارەکەت بهێنێت، پێویست ناکات ماوەی کۆتاییهێنان پێڕەو بکەیت، بەڵکو پەیوەندیی کارەکە دەسبەجێ کۆتایی دێت.

# شتە گشتیەکان

پێویست ناکات تۆ هیچ پارەیەك بە کارپێدەر بدەیت بەرامبەر لە کار دامەزراندنت. مافی ئەوەت هەیە پاسەپۆرتەکەت و مۆڵەتی مانەوەکەت لای خۆت هەڵبگریت. کارپێدەر تەنها مافی ئەوەی هەیە کە بیانبینێت. ئەگەر لە فینلەندا ژمارە بانکیت هەیە، پێویست نیە لەسەرت کۆدەکانی بانکەکەت یان کارتی بانکەکانت بەهیچ کەسێکی تر بدەیت، تەنانەت بە کارپێدەرەکەشت.

تۆ وەکو کەسێکی بیانی لە کاردا هەمان ماف و بەرپرسیارێتیت هەیە کە فینلەندییەك هەیەتی. ئەگەر لە شوێنی کارەکەتدا بەشێوەیەکی خراپتر لەوانی تر ڕەفتارت لەگەڵدا بکرێت یان لەبەر ئەوەی تۆ کەسێکی بیانیت مووچەیەکی کەمترت پێ بدرێت، ئەو کارپێدەرە دەکرێت لەبەرامبەر یاسادا بە کردەوەی جیاوازیکاریی قەدەغەکراو تۆمەتبار بکرێت. دەکرێت ئەو شتە تاوانیش بێت.

فەرمانڕەوای سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی چاوەدێریی ئەوە دەکات کە لە شوێنی کاردا هەموو ئەوانەی کە کار دەکەن هەمان مەرجەکانی کار و هەمان بارودۆخی کارکردنیان هەبێت. هەروەها فەرمانڕەوای سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی چاوەدێریی ئەوەش دەکات کە لە شوێنی کاردا هیچ کەسێك جیاوازیی لەگەڵدا نەکرێت. فەرمانڕەوای سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەدات بۆ نموونە لەبارەی ئەو پرسانەوە کە پەیوەندییان هەیە بە کاتەکانی کارکردن و مووچەدانەوە، بەڵام ناتوانێت بابەتە ناکۆکەکان چارەسەر بکات و ناشتوانێت لە پرۆسەی دادگاییدا یارمەتیی ئیشکەرەکان بدات. هەروەها فەرمانڕەوای سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی ناتوانێت لە جیاتی تۆ داوای ئەو مووچانە بکات کە پێت نەدراون.

تۆ مافی ئەوەت هەیە کە ببیت بە ئەندامی یەکێتیی پیشەگەران (سەندیکا) و سندووقی بێکاری. یەکێتیی پیشەگەران دەتوانێت لەوەدا یارمەتیت بدات کە ئەگەر بۆ نموونە کارپێدەرەکەت ئەو مووچانەت پێ نەدات کە مافی خۆتن. ئەگەر کەسێك بێکار بمێنێتەوە لە سندووقی بێکاریدا پارەی ڕۆژانەی پێ دەدرێت.

### پرسگەی تەلەفۆنیی فەرمانڕەوای سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی:

پرسگەی تەلەفۆنیی فەرمانڕەوای سەلامەتی و تەندروستیی پیشەییی لە ژمارە ‎+٣٥٨٢٩٥٠١٦٦٢٠ خزمەت دەکات. هەموو کەسێك دەتوانێت تەلەفۆن بکات بۆ پرسگەی تەلەفۆنی و داوای ئامۆژگاری بکات. پێویست ناکات ناوی خۆت بڵێیت.

زانیاریی زیاتر لەسەر پرسگەی تەلەفۆنی:
www.tyosuojelu.fi/puhelinneuvonta

## ئێشگریی ڕێکخراوی قوربانیانی تاوان RIKU ry:

ئێشگریی قوربانیانی تاوان پاڵپشتی و ئامۆژگاری دەدات بەو کەسانەی کە قوربانیی تاوانکارین، هەروەها کەسوکارە نزیکەکانیان و شایەتەکان. لە ئێشگریی قوربانیانی تاواندا خزمەتی پاڵپشتیکردنی تایبەتمەند کار دەکات، کە کارمەندەکانی تایبەتمەندییان هەیە لە بواری بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە و ئامۆژگاریکردن و یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە قوربانیی پەیوەست بەو تاوانانەوەن، هەر کەسێك بەبێ گوێدانە ڕەگەزی نێر و مێ و شاری نیشتەجێبوون یان هاووڵاتینامە دەتوانێت ببێتە نەفەری پەیوەندیداری ڕێکخراوەکە و دەتوانێت بە زمانی دایکیی خۆی پەیوەندی بکات.. لە کاتی پێویستدا لە جێبەجێکردنی کارەکاندا دەتوانین وەرگێڕی زمانی متمانەپێکراو بەکاربهێنین.

دەتوانیت بەم ڕێگایانەی لای خوارەوە پەیوەندی بە خزمەتی تایبەتەوە بکەیت:

- بە ئیمەیل: help@riku.fi
  (لە ماوەی سێ ڕۆژدا وەڵامی ئیمەیل دەدرێتەوە)

- بە تەلەفۆن: (هەروەها بە کورتە نامە یان بە واتس ئەپ) ژ.ت:
  +٣٥٨٤٠٦٣٢٩٢٩٣

خزمەتی ئینتەرنێتی

ئێشگریی ڕێکخراوی
قوربانیانی تاوان:

- www.riku.fi

## سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە

ئایا هەڕەشە لە خۆت یان خێزانەکەت کراوە؟ ئایا پارەیەکی زۆرت بۆ ئیشەکەت داوە؟ ئایا کەسێك هەیە کە گەڕان و هاتوچۆکردنت سنووردار بکات. ئایا کەسێك هەیە کە گوشار بخاتە سەرت بۆ ئەوەی شتێك بکەیت کە خۆت حەز ناکەیت بیکەیت؟
ئایا مووچەت خوراوە بەڵام دەسەڵاتت نیە هیچ بکەیت؟ ئایا ڕێگریت لێ دەکرێت بۆ قسەکردن لەگەڵ هەر کەسێك؟ ئایا تۆ قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوەیت؟

دەتوانیت بە متمانەوە پەیوەندی بکەیت بە سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بەبێ ئەوەی ناوی خۆت یان شوێنی خۆتیش بڵێیت. سیستەمی یارمەتیدان بە زمانی فینلەندی و سویدی و ئینگلیزی خزمەت دەکات. بۆ زمانەکانی تر دەکرێت وەرگێڕانی زارەکی ڕێکبخرێت.

- زانیاریەکانی پەیوەندیکردن: +٣٥٨٢٩٥٤٦٣١٧٧ (٢٤ سەعات)،
  ihmiskauppa.auttamisjarjestelma@migri.fi

# زانیاریی زیاتر

لەم بڵاوکراوەیەدا زانیاریی چڕکراوە سەبارەت بە بنەما سەرەکیەکانی کارکردن لە فینلەندا کۆکراوەتەوە بۆ ئیشکەرە بیانیەکان. بڵاوکراوەکە بێ کەموکورتی نیە، زانیاریی زیاتر لەم سەرچاوانەی لای خوارەوە دەست دەکەون.

**خزمەتی ئینتەرنێتی بەڕێوەبەرایەتیی سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی Tyosuojelu.fi (بۆ نموونە؛ مەرجەکانی کار و بارودۆخەکانی کار):**

- www.tyosuojelu.fi

**مۆڵەتەکانی مانەوە (ئیقامە):**

- www.migri.fi/

**ژمارەی باج:**

- www.vero.fi/

**یاسای کار، یاسای ڕێککەوتننامەی کار، یاسای ڕێککەوتننامەی مەرجی کار، یاسای پشووی ساڵانە، یاسای بیانیەکان، یاسای خزمەتی تەندروستیی پیشەیی، یاسای سەلامەتیی کار:**

- www.finlex.fi

**ڕێککەوتننامەکانی مەرجەکانی کار:**

- www.finlex.fi/fi/viranomaiset/tyoehto

Tyosuojelu.fi

Website of the Occupational Safety and Health Administration in Finland